# ئەسکەندەری گەورەو قورئان

تەها ئەمین هەڵەدنی

پێشتر باسمان کرد،کە سەلام بەهادئەدین نوری لە زینداندا چاوی بەدنیادا هەڵهێناو هەرلەوێشەوە بە جیهان ئاشنابوو.

ئەکتەرەکانی شانۆی پێش چاوی سەلام،تەنها پاسەوانی زیندان و زیندانی و بونەوەرەکانی تری دەوری زیندان بوون.

ڕۆژێک ماشێنی زیندان لەکار دەکەوێ، دەستوو پێوەندی زیندان بەناچاری بەگوێدرێژ کەرەسەکانی زیندان دەگەیەننە زیندان.

بەڵام کاتێک سەلامی شەش ساڵە چاوی بەگوێدرێژە دەکەوێ، گەشەکە دەکاو بەڕاکردن هاوارەوە دەچێ بۆ قاوشی ژنانی زیندان هاوار دەکا:

ئای لەو پشیلە گەورە، ئای لەو پشیلە گەورە.

ژنانی زیندان پێکەوە بە دەم هاواری سەلامەوە دەچنە دەرەوە، بەڵام هیچ پشیلەیەکی گەورە نادۆزنەوە!

یەکێک لە ژنە زیندانیەکان ئەڵێ: کوا کوڕم سەلام کوا پشیلەی گەورە؟

سەلامی مێرمنداڵ پەنجە بۆ گوێدرێژە کە ڕادەکشێ، ئەڵێ ئەها پورێ پشیلەیەکی چەند گەورەیە،ئەمە پشیلە هەرە گەورەکەیە!

یەکێک لەئافرەتە زینداندانیەکان ئەڵێ: نا کوڕم ئەوە پشیلە نیە،ئەوە گوێ درێژە.

بێگومان سەلام هەر هێندەی دیوە، ئەو لەدەوری زیندان تەنها سەگ و پشیلەی دیوە، بەڵگە نەویستە کە لەدید و بیری ئەودا تەنها سەگ پشیلە هەیە. بەتایبەت بۆ زیندانێکی دوور لە کۆڵگای وەک نووگرە سەلمان.

بەڵام هەر لەو تەمەنە شەشساڵیەی سەدامدا، منداڵانی شاروو گوند نەک تەنها ناوی گیانلەبەر و پەلەوەرە بەڵکوو بە ناوی ڕوەکوو گژوگیاش ئاشنانن(بیرەوەریەکانی بەهادین نوری).

دیدی قورئانیش هەروەک دیدی سەلامی شەش ساڵانەیە، دەبینن قورئان بەخەستی باس لەو بوونەوەرو تەنانە دەکات کە بینراون لە ڕۆژگاری خۆیدا. هەر لە ڕەنگدانەوەی بیر کردنەوە و دیدی محەمەدی کوڕی عەبدوڵاوە

سەرچاوە دەگرێت. بۆ نمونە دەها جار قورئان لە ووشتر دەدوێت، بەووشتر سەرسام دەبێ!
ئەگەر بڵێی ووشرە گیانلەبەرێکی سەرسامە، بەهۆی بەرزیوو پانی پێی، توانای سەرسوڕهێنەری کە بەرگەی تینوێتی گرتنی، ڕەنگە لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر زیاتر بێ. چونکە ووشتر دەتوانی لە زگیدا ئاو پاشەکەوت بکا.
توانای بیرکردنەوە محەمەد کوڕی عەبدوڵا هەر هێندە بوە، ئەو تەنها ووشتری دیوە، ئەو هێندە دەرکی کردوە، کە کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سەردەمە پەی پێبردوە. ئەگینا دەبوو باس لە بابتێک بکات لەسەرو بیرکردنەوەی مرۆڤدا بێ.
هەموو سەدەنیوێک دەبێ کە مۆرۆڤ پەی بردوە کە گیانلەبەرێکی گەورە هەبوە وەک دانەسۆر قرانی تێکەوتوە. بەڵام چونکە پێشتر زانست جێپێی خۆی نەکردبوەوە، باسێک و لێکدانەوەیەک لەسەر داینەسۆر لە ئەدەبیاتی کۆندا بەدی ناکەین. بەهەمان شێوە قورئانی ئیسلامیەکانیش باس لە گیندارێکی وەک داینەسۆر ناکەن، چونکە نەیان دیوە.
بەکوورتی قورئان و پەڕاوە پیرۆزکراوەکان باس لە تەنەکان ،بونەوەرەکانی کە بینراون، بوونیان هەبوە دەکا.
2005/01/12ڕۆژنامەی ئەلقناتی عەرەبی ئەلکترۆنی بڵاوی کردەوە کە سێ ئەستێرەی تازە لە سەر ڕێی کا کێشاندا دۆزراوەتەوە کە 1500 جار تیشکی لە تیشکی ڕۆژ بەهێزترە.
پەڕاوە بەئاسمانی کراوەکانی بەتایبەتی قورئان جاروبار باس لە هەندێک بابەت دەکا کە خودی شارەزا ئیسلامیەکانی تووشی ڕاڕایوو دوودڵی کردوە.
قورئان باس لە ئەسکەندەری گەورە یا ئەسکەندەری مەکەدۆنی دەکا.
بەبێ ئەوەی بزانێ کە ئەسکەندەر کێ بوەو چ کارە بوە، یا پەیوەندی ئەسکەندەر بە مێژوو و ئیسلامەوە چیە!
ئەسکەندەر فیلیپ لەدایک بووی ساڵی 356پێشزاینە،لە323 پێش زاین، لە بابل دەرمانخوار کراو کرد(هەندێکیش پێیان وایە کە دەرمان خوارد نەکرا بڵکوو مەی زۆری خوارد بوو، پاشانیش بە ئەسپ غاری دابوەو پساوە).
ئەو لەسەردەستی ئەرستۆتالیس خوێندنی سەربازی تەواو کرد. پاش مردنی باوکی جێگەی گرتەوەو لەپێشدا چەند تیرەکی گرێکی بە ناوی تەراکیسی

سەرکووت کرد، پاشان دەستی گرت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەی گرێکلاندا.
گومانی تێدا نیە کە کارەساتەکەی هەڵەبجە تا پشاتو پشتی نەوەکانی دوای خۆمان هەر باسی لێوە دەکرێت، نەوەکانی پاش ئێمە ئەڵێن کە کەسێک هەبوە ناوی سەدام بوەو بۆمبی شیمیاوی ڕێژاوە بەسەر ئەم شارەدا.
دڵنیام کە هەرگیز کارەساتی ئەنفال لەیادی نەوەکانی پاش خۆمان ناچێتەوەو دەماو دەم دەیگێڕنەوە. ئەوەتا پاش 1400 تازە بیری کورد دەکەوێتەوە کە یەکەم ئەنفال لەسەردەستی خودی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەکاندا ڕویداوە.
وا 2700 ساڵ تێپەڕی بەسەر دڕندەیی زوحاکدا کەچی هێشتا وا دەزانین کە دوێنێ ڕویداوە.
هەرچەند کورد لە مێژویەکی دوورەوە هێشتا پشویەکی وای نەداوە،کە لە ڕابردووی خۆی سەرنجێک بدا، کەچی هێشتا زۆر بۆنە، هەرچەند مێژوشیان کۆنە بەلاّم هێشتا هێندە زیندوون، مرۆڤ وا دەزانێ کە دوێنێ بوون.
لەدایک بونی ئەسکەندەر، هەروەها مردنیشی، مێژوو بۆی تۆمار کردووین، کە ئەویش دڕندەیەک بوە، وەک سەرچەم دەسەلاّتدارانی مێژوو.
بۆیە ناوی لەمێژوودا نووسراوە،کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی دوشاخی هەبوە، لە هەرکوێیەکەوە ڕۆشتوە ڕای ماڵیوە. دیار دەکا، کە ئەسکەندەر دەستی لە هیچ نەپاراستوە. تەنانەت ئاڤێستاش کە لەسەر 12000 پێستی گا نووسراوە سوتاندویەتی. بۆیە خەڵکی لێی تۆقیوە، زۆربە لە بەر نزمی ئاستی ووشیاری ، وا تێگەشتوون کە دوو شاخەکەی سەری ئەو هی خۆی بوە. نەک شاخی بەران یا گا کە کردویەتیە سەر، بۆ تۆقاندنی نەیرانی خۆی.
لەشکری ئەسکەندەر تا بەرانبەر مەکە هاتوە،کاتێک میسۆپۆتامیایی داگیرکرد. بۆیە دانیشتوانی عەرەبی سعودیە بە هاتنی ئەسکەندەر بۆ ناوچەکە ئاگادار بوون. هەرچەند ئەوکاتە سەرجەم نیمچە دوورگەی عەرەبی کۆیلەی داریووشی سێهەم. بۆیە هاتنی ئەسکەندەر ئەوانیشی تۆقاندوەو ڕوداوەکەشی دەماو دەم،نەوە بۆ نەوەی دوای خۆی گێڕاوەتەوە.
هەروەها مێژوو نووسان یەک دەنگن کە ئەسکەندەر کاتێک بە کوردوستاندا تێپەڕیوە، تووشی بەرەنگاریە بەهێز هاتوە لە لایەن کوردەوە. ڕێکەوتوە کە

لەشکرەکەی ئەسکەندەرلە هەندێک جێگە کەوتۆتە کەمینی کوردەکان بەئاستەم توانیویانە کە خۆیان دەرباز بکەن. لە هەندێک جێگاش کەسیان دەرچوون .کاتێک لەشکرەکەی ئەسکەندەر بە دۆڵێکدا تێپەڕیوە، کوردەکان ئەم سەرو ئەو سەری دۆڵەکەیان گرتووەو پاشان لە بەرزایی دۆڵەکانەوە گابەری گەورەیان لە شێوەی تەڵە بەستۆتەوەو بەسەریاندا بەرداونەتەوە. بۆیە خودی ئەسەکەندەر لە کوردەکان توڕە بوە. بەپێی مێژوو نووسی ئێرانی حسن پیرنیا یاجوج و مەئجوج دوو تیرەی کوردن.
ڕێگەشی تێدەچی کە بۆچوونی پیرنیا لە جگەی خۆیدا بێ چونکە لە ناوە باوەکانی هەورامیەوە نزیکن.

1. محەمەدی کوڕی عەبدولاش،پێغەمبەر ئیسلامەکانیش هەمان ڕووداوی بیستۆتەوە. ئەو زانیویە کە ڕوداوی ئەسکەندەر دەتوانێ چەند پەڕەیەکی قورئان پڕبکاتەوە. بۆیە لە سورەی ئەشکەوتی94 ئەڵێ: ووتیان ئەی ئەسکەندەری دوو شاخە یاجوج و مەئجوج خراپەکارن، ئەڵێی چی پارەت بدەینێ، تا بەستێک دروست بکەی، لە نێوانماندا تا دەستیان بە ئێمە نەگا؟
2. ئەسکەندەر وەڵامیان دەداتەوەو ئەڵێ: پارەم ناوێ؛ هێندەم بەسە کە خوا هێزو توانای داومێ. بڕۆن ووردە ئاسن بۆ بێنن تا کەلێنی نێوانتان و ئەوان پڕ دەبێ. پاشان گەرمیان دەکەین، قاو دەکەین بەسەریا.
3. ئیتر بەو شێوە بە بیرکردنەوەی ئەسکەندەر ڕێگە گیرا لە یاجوج و مەئجوج.
4.
5. الُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَى أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا
6. پرسیارەکان زۆرن ،کە خۆیان دەسەپێنن و وەڵامیان دەستگیر نابێ. بەڵام هەمیشە ئیسلامیەکان وەڵامیان پێیە، وەڵامێک کە هەرگیز توخنی بابەتەکە نەکەوێ، وەڵامێک کەتەنها بێهۆشکراوەکان سەری بۆ دەلەقێنن.
7. ئەگینا کوا ئەو شاخە کە ئەسکەندەر دروستی کرد؟

ئەو پێنج شەش دێڕە چ فەلسەفەیەکە تێدراوەتە قورئان. ژیانو ڕوشی دنیای چ پەیوەندیەکی بە ئەسکەندەرەوە هەیە؟ مەگەر لەسەردەمی ئەسکەندەردا تاک

خوایی بوە تا ئەو باوەڕی بە خوا هەبووبێ؟ نەخێر لەسەردەمی ئەسکەندەردا بە تایبەت لە ناو گرێکیەکاندا کۆمەڵە خوا هەبوون. خوای شەڕ زیۆس ، خوای هەرە گەورە بوو. هادێس خوای دۆزەخ ،پۆدیسۆن خوای دەریاکان. ئەفرۆدیتاش خوای خۆشەویستی. گەزی چی و جاوی چی؟